www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23:13 26-4-2006

## بزمارێكی كورد پەروەر ... خالید مەجید فەرەج

هەندێک تا خوا حەزبکا هەستی کوردایەتیەکەیان بەرز و بلند راگرتبوو هەرئەوەش بوو وای لێکردبوون ماوەی چوار ساڵی خوێندن لەزانکۆی بەغدا بەسەر بەرن بێ ئەوەی بتوانن چوار وشەی عارەبی بخەنە ڕستەیەکەوەو لای کەم بتوانن وەڵامی عارەبێکی فەلەستینی یان ئەردەنی پێبدەنەوە. کە ئەوانیش لەو زانکۆیە ئەیان خوێندو ئەیان ووت عێراق خاکی عارەبانەو کوردیش نەک هەر قەوم نین بەڵکو لەجنسی ئینسانیش نین ئەوانە جنۆنەکەن هاتوون شیمالی عێراقاین داگیرکردووە و ئەبێ بڕۆنە دەرەوە. ئەمان ووت خۆتان فێری زمانەکەی دوژمنەکاتان بکەن و وەڵامی ئەو توڕڕەهاتانەیان بدەنەوە ولانی کەمیش بۆ ئەوەی تێبگەن چۆن بیر ئەکەنەوە ئاخر چۆن بتوانین بەرەنگاریان ببینەوە ئەگەر نەزانین پلانی چیان بۆ داڕشتووین. ئەیان ووت زمانی حوشترەوانمان ناوێ بەوەشەوە نەئەوەستان سەرزەنشتی ئەوانەشیان ئەکرد کە قسەیان لەگەڵ عەرەبەکان ئەکردو لەهەوڵی فێربوونی زمانەکەیانا بوون. یەکێک لەو کوردپەروەرانە بیستبووی کچە کوردێک لەگەڵ کورە عارەبێک قسەی کردووە دیارە قسەکان لەبواری دەرسەکان تێپەڕی نەکردبوو بەڵام کاکی کوردی بێ غەلەو غەش خۆی لێ ئەکا بە نەسیحەت کەرێ کە خواشاهیدە بۆ کوردایەتیەکەی نەبێ بۆ هیچی تری نیە. ڕۆژێک ئەچێ لەو پاسەی کە ئەڕواتەوە بۆلای بەشی ناوخۆیی قوتابیان لەتەنیشتیەوە دا ئەنیشێ و دەست ئەکا بە باسکردنی زەرەرو زیانەکانی قسە کردن لەگەڵ عارەبەکان و سوودە لەبن نەهاتووەکانی دوور کەوتنەوە لێیان قسە کردن لەگەڵ کوڕە کورد. کچەش ئەڵێ بەڵێ قسەکانت تەواون منیش نەم ویستووە قسەی لەگەڵ بکەم بەڵام ئەو پرسیارێکی دەربارەی دەرسێک لە دەرسەکان لێکردووم و منیش تەنها وەڵامێکی کورتم داوەتەوە و هیچی تر. کاکی کورد پەروە ئەڵێ ئەو وەڵامەش باش نیە ئەڵێ بۆ؟ ئەڵێ هەر وەڵامێکەو ئەو ساختەچیانە ئیستغلالی ئەکەن و دواتر داوای پەیوەنی خۆشەویستی لەکچان ئەکەن. کچەش ئەڵێ ئافەرەم وەڵڵاهی راست ئەکەی بەڵام خۆمن ئەزانم ئێمە کوردین و ژێر دەستەی عارەبین چۆن رێگە بەخۆم ئەیەم شتی وابکەم لەگەڵ ئەوەشا بەقسەت ئەکەم ببڕای بڕای جارێکی تر ئەو وەڵامەشی نایەمەوە. کاکی کورد پەروەر ئەڵێ ئەلحەمدولیلا ئێستا دڵم رەحەت بوو. کچە ئەڵێ بۆ خوانەخواستە چیبووە؟ ئەڵێ نەوەڵڵا هیچ کچە ئەڵێ کەوتمە شکەوە توخوا چیبووە؟ ئەڵێ ئەوەی راستی بێ تۆزێک خۆم حەزم لێکردووی. ئەوجا کچە تێئەگا کوڕان هەزراو یەک رێگایان هەیە بۆ نزیک کەوتنەوە لە کچان و هەڵخەڵەتاننیان بە قسەی قەڵەو و ساف و لوس یەک لەو ڕیگایانەش ئەمەی ئەم برادەرە بوو کە بە ئەی کوردینە ئەی مەردینە دەستی پێ کرد.